# له بواری ئەوقاف و كاروباری ئايينيدا

# له بواری ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا

ئاشکرایه کە زۆربەی هەرەزۆری گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا موسڵمانن و ساڵانی ساڵە لە تەک برا مەسیحی و یەزیدییەکاندا بە ئاشتی پێکەوە ژیاون و بەرگرییان لەم خاکە کردووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی ئەم تەبایی و برایەتییە و پەرەپێدانی هوشیاریی ئایینی و کۆمەڵایەتیی گەلەکەمان و بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا گەلێک چالاکی و پرۆژە و کاری خزمەتگوزاری جۆراوجۆری ئەنجام داوە، کەوا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو:

### یەکەم- مزگەوت و باڵەخانەکان:

**١- دروستکردن و چاککردنەوەی باڵەخانە:**

لە ساڵی ٢٠٠١دا پاتی ١.٥٨٢.٨١١ دینار سەرف کراوە بۆ چاککردنەوەی ئەم باڵەخانانەی خوارەوە:

- دروستکردنی هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە سەلاحەدین: ٩١٨.٨١٤ دینار.
- دروستکردنی کۆگایەک بۆ هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە سەلاحەدین: ٤١.٩٧٧ دینار.
- چاککردنەوەی باڵەخانەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی: ٢١١.٣٠٠ دینار.
- ئاواکردنەوەی باڵەخانەی بەڕیوەبەرایەتیی ئەوقافی هەولێر: ١٧٣.٥٩٠ دینار.
- دروستکردنی باڵێک بۆ وەزارەتی ئەوقاف: ١١٥.٣٣٦ دینار.
- چاککردنەوەی بارەگای لقی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی: ١٣.٢٧٥ دینار.
- چاککردنەوەی هۆڵی بۆنە ئایینییەکانی مزگەوتی ماڵتای خواروو: ٦٨.٦١٩ دینار.
- چاککردنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقافی ئاکرێ: ١٥.٥٤٨ دینار.
- چاککردنەوەی خانووی ئیمامی مزگەوتی مالەسوار: ٢٤.٠٥٠ دینار.

**٢- دروستکردن و فراوانکردنی مزگەوت:**

- پاتی ٣.٤٧١.١٩٧ دینار سەرف کراوە بۆ دروستکردن و فراوانکردنی ئەم مزگەوتانەی خوارەوە:
- دروستکردنی مزگەوتێک لە ناحیەی بەردەڕەش: ١.٨١٠.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی مزگەوتێک لە قەزای ئاکرێ: ٩٧٧.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی منارەیەک بۆ مزگەوتی ئال میران لە شەقلاوە: ٢٧٠.٠٨٠ دینار.
- دروستکردنی ژمارەیەک ئاودەست بۆ قوتابخانەی ئایینی ئیسلامی لە مزگەوتی سەواف لە هەولێر ٨٥.٧٠٥ دینار.
- فراوانکردنی مزگەوتی هەمزە لە سەلاحەدین: ١٥٠.٠٠٠ دینار.
- فراوانکردنی مزگەوتی سەفین لە شەقلاوە: ١٢١.١٣٢ دینار.

- فراوانکردنی مزگەوتی لائقە زەنون لە هەولێر: ٥٧,٢٨٠ دینار.

**٣- چاککردنەوە و ئاواکردنەوەی مزگەوت:**

لە ساڵی ٢٠٠١ دا ٣٤ مزگەوت لە سەرتاسەری کوردستـان چاک و ئاواکراونەتەوە کە کۆی گشتی تێچووی ئەم بڕگەیە نێزیکەی ٢ ملیۆن دینار بووە. مزگەوتەکانیش ئەمانەن:-

- مزگەوتی بیلال حەبەشی: ٦٠٠٠ دینار.
- مزگەوتی ئیدارەی محەلی لە شاوێس: ٤٧,٢٠٠ دینار.
- مزگەوتی کانی قوڕ لە ڕواندوز: ٢٢,٨٠٠ دینار.
- مزگەوتی کەورەسوور لە خەبات: ١٩,٦٥٠ دینار.
- مزگەوتی گوندی شێرکاوە لە چۆمان: ٦٧,١٥٠ دینار.
- مزگەوتی مەلا عیسا لە خەبات: ١٧,٣٥٠ دینار.
- مزگەوتی ئازادی لە هەولێر: ٣٢,٦٥٠ دینار.
- مزگەوتی حاجی بەکری زێڕینگر لە هەولێر: ١٢,٥٤٢ دینار.
- مزگەوتی ئەرماوانی خواروو: ٢٣,٢٠٠ دینار.
- مزگەوتی مەزاری تەوسکە: ٢٩,٨٥٠ دینار.
- مزگەوتی سدیق لە عەنکاوە: ٩٠٠٠ دینار.
- مزگەوتی حاجی محەمەد سەعید لە هەولێر: ١٩,٨٢٥ دینار.
- مزگەوتی گوندی ولاش لە چۆمان: ٣٦,٨٠٠ دینار.
- مزگەوتی ئیسماعیل یەعقوبی: ٥٥,٦٧٥ دینار.
- مزگەوتی گوندی قەفەز: ٣٤,٠٥٥ دینار.
- مزگەوتی گوندی بندایزان لە چۆمان: ٤٧,٥٦١ دینار.
- مزگەوتی خانەقا لە هەولێر: ١٣١,٢١١ دینار.
- مزگەوتی گوندی شاوراوە: ٧٥,٦٥٣ دینار.
- مزگەوتی قوشتەپە: ٥٩,٥٨٣ دینار.
- مزگەوتی گوندی شەوەک: ٥٩,١١٥ دینار.
- مزگەوتی مەلا زاهیر لە هەولێر: ٢٨,٠٠٠ دینار.
- مزگەوتی کۆمەڵگەی بەستۆڕە: ١١,٢٥٥ دینار.
- مزگەوتی مەلا خدر لە خەلیفان: ١٨,٩١٦ دینار.
- مزگەوتی خێرات لە بنەسڵاوە: ٣٣,٥٧٥ دینار.

- مزگەوتی گوندی ئاکۆیان: ٢٠.١٨٣ دینار.
- مزگەوتی گوندی پیران لە بەحرکە: ٤١.٣٥٣ دینار.
- مزگەوتی سەواف: ٤.٩٥٠ دینار.
- مزگەوتی گوندی کەورین: ١٧٤.٤٩٩ دینار.
- مزگەوتی چوارخولەفا لە سەلاحەدین: ١٣٩.٢٠٠ دینار.
- مزگەوتی قەسرێ: ٩٦.١٤٨ دینار.
- مزگەوتی فرقان لە هەولێر: ٩٣.٧٤٥ دینار.
- مزگەوتی بامەڕنێ: ٤٨.٧٨٥ دینار.
- مزگەوتی باڤیان لە قەسرۆک: ٢٧.٦٩٥ دینار.
- مزگەوتی ئازادی لە دهۆک: ٣٩٤.٥٥٥ دینار.

**٤- دابینکردنی کەلوپەل:**

هەر لە ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاتی ٧٢٩.٤١٧ دیناری تەرخان کردووە بۆ دابینکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر بۆ باڵەخانە و شوێنە ئایینییەکان هەروەک:

- دابینکردنی کەلوپەل بۆ دیوانی وەزارەتی ئەوقاف: ١٩٢.٠٠٠ دینار.
- کڕینی مافور بۆ مزگەوتەکان: ٣٣٦.٠٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی سەلاحەدینی ئەیوبی لە خەلیفان: ٢٠.٧٥٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی سەواف لە هەولێر: ٤٠٨٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی زێبوکێ لە ئاکرێ: ١٥.٥٥٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی موفتی لە ئاکرێ: ٦.٨٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی گەورەی ئاکرێ: ٦.٨٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی ئیمام لە ئاکرێ: ١٢.٠٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی مەلا عارف: ١١.٩٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی گوندی گۆندک: ٢٢.٣١٢ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی سەرسەنگ: ٥٩.١٢٥ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی ئاڤدەل ئاغا: ٦.٨٠٠ دینار.
- کڕینی کەلوپەل بۆ مزگەوتی بجیل: ١٠.٣٠٠ دینار.
- کڕینی پارچە زەوییەک بۆ بەشی ناوخۆی قوتابخانەی ئیسلامی لە ئاکرێ: ٢٥.٠٠٠ دینار.

**دووەم- تەکیە و قوتابخانە ئیسلامییەکان:**

بۆ چاککردنەوە و کڕینی کەلوپەل بۆ تەکیە و قوتابخانە ئایینییەکان لە هەولێر پاتی ٨٦٦,٥١٦ دینار بەم شێوەیەی خوارەوە سەرف کراوە:

- کڕینی کەلوپەل بۆ تەکیەکانی سەید محەمەد و شێخ جەعفەر لە هەولێر و کڕینی موەلیدەیەک بۆ تەکیەی شێخ مستەفا نەقشبەندی لە هەولێر کە بە گشتی ١٣٠,١٥٠ دیناری تێچووە.
- چاککردنەوەی تەکیەکانی عەباسی و شێخ مستەفا نەقشەبەندی و شێخ محێدین لە هەولێر کە تێچووی ئەم بڕگەیە ٦٣١,٤١٩ دینار بووە.
- چاککردنەوەی قوتابخانەی مەلا فائز لە هەولێر و قوتابخانەی ئیبن ئادەمی ئیسلامی لە سۆران کە ٢٩,٠٢٥ دیناری تێ چوو.
- کڕینی کەلوپەل بۆ قوتابخانەی ئیسلامی هەریر و قوتابخانەی ئیسلامی بەحرکە و قوتابخانەی ئیبن ئادەمی ئیسلامی لە سۆران و قوتابخانەی ئیسلامی هەولێر لە مزگەوتی سەواف کە ٧٥,٨٥٠ دیناری تێچووە.

**سێیەم: دروستکردنی شوورە بۆ گۆڕستان و مەزارەکان:**

پاتی ٥٨٨,٩٤٥ دینار لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ دروستکردنی شوورە بۆ هەردوو گۆڕستانی خەلیفان و هەریر و مەزاری سەید سمایل سەید عومەر سەرف کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- دروستکردنی شوورە بۆ مەزاری سەید سمایل سەید عومەر: ٣٥,٦٥٠ دینار.
- دروستکردنی شوورە بۆ گۆڕستانی خەلیفان: ١٧٣,٠٤٠ دینار.
- دروستکردنی شوورە بۆ گۆڕستانی هەریر: ٣٨٠,٢٥٥ دینار.

**چوارەم: موڵکە وەقفییەکان:**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی داهاتی موڵکە وەقفییەکان هەنگاوی بەرچاوی ناوە و توانیویەتی داهاتی ساڵانەی ئەم موڵکانە بگەیێنێتە نزیکەی ٢ ملیۆن دینار. هەروەها پاتی ٨,٤٤٦,١٩٦ دینار لە بەرامبەر گۆڕینەوەی شەش پارچە زەوی لە زاخۆ وەرگیراوە کە نیاز وایە بەم پارەیە پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدرێ. جگە لەمانەش مەبلەغی ١٨٨,٠٠٠ دینار لە پێنج داوای ئیستیملاکی لە پارێزگەی دهۆک وەدەست هاتووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیادکردنی داهاتی موڵکە وەقفییەکان بە نیازە چەندین پرۆژەی تر لەسەر موڵکەکان ئەنجام بدات هەروەک:-

- دروستکردنی باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی لەسەر زەوی ژمارە ١٣٤-١٣٥ کەرتی ٤٥ وارش لە هەولێر لە ڕێگەی (مساطحة).
- دروستکردنی گەرماوێکی نوێ لەسەر موڵکی ژمارە ٣٩٣ لە ڕێگەی (مساطحة).

هەروەها توانراوە کۆنترۆڵی ئەو موڵکە وەقفییانەش بکرێت کە لەلایەن موتەوەلییەکانەوە بەڕێوەدەچن و ڕێژەی ١٠٪ی داهاتیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کۆکراوەتەوە.